# پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

کورتـه چیرۆك

## بــۆری ... حسن محمود حمه کریم

قینت لـه خۆت دەبوویەوە. . چاریشت نەدۆزییەوە. . مالڕ کاول کردن سەختە، بەتایبەت ماڵی یەکێك هانای بۆت هێنابێ و، بەهاوەڵیت ڕازی بووبێت. . . چ لایەنێکی ناوەوەت بوو زالڕ بوو بەسەرتاو، ئەم دەسەی پاوەشاندی، خۆ تۆ هەرگیز کەست زویر نەکردووە. . . یەکێ نەخۆش بوایە، یان پرسەیەك بوایە خۆت دەگەیاندێ. . بەڕێزەوە ناویان دەبردی، بە مامۆستا بانگیان دەکردی. .

ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێت، جامێ سەهۆڵت ورد کردبوو، دەتکردە بن دار گوێزی حەوشەکەتان و، دەتگوت:

"ئەوەك بەم گەرمای هاوینە قارس بێت، ئەو خەڵکی کوێستانە. "

دارمێوی سەر حەمامەکەت بە بەربەستێك لە گەرمای چیمەنتۆی سەربانەکەت دوور خستبۆوە، نەبادا گەرما بیسوتێنێ، هەمیشە ئاوت دەخستە سەر چیمەنەکە و دەوتگوت:

"وازی لێبێنن کوشتەی ئاوە با لەسەری بێت، بە چاوێکی سەیر دەتڕوانییە دەوروبەر، بەهەمووویان ئاشنا بوویت، تەنانەت بەچکە چۆلەکەی دەستی منداڵانی کۆڵانیشت دەکڕیەوە و لە جێیەکی دوور لە دەست بەرت دەدان و دەتگوت:

"ڕۆڵەکانم ئەوانە ئازادن، بۆ بەندیان دەکەن. . ؟ ئەوانیش وەك ئێوە خاوەن باوك و دایکن و خوا دەزانێ ئێستە وێڵی چ لایەکن و بە جریوە جریو لە دووی ڕۆڵەی وون بوویان دەگەڕێن. . ؟"

لەگەلڕ ئەمانەشدا دەستت چووە ماڵی ئەو پیشلە ئاوسە و، هەڵت وەشاند و ئەو دوو بۆریە زێرابەی، کە چەند ساڵە لەو ژێر خۆڵی قەراغ چیمەنەدا، بۆت کردبووە لانە و، تیا دەژیاو، بەچکەی تیا دەکردو، دۆعای خێریان بۆ دەکردی. . دەرت هێنا و بە دیوارەکەوە هەڵت سپارد و، گوتت:

"حەوشەی ماڵەکەم چاك دەکەم، ئەو چیمەنە لە گوڵەکان دادەبڕم، هێزیان لێبڕیون، با ئەم دوو سێ مانگە بگوێزێتەوە لەماڵێکی تردا بژی و، پاشان بێتەوە. "

ئێوارە داهات. . . پشیلە ئاوسەکە هەر لە حەشەکەدا سەیری تۆ و سەیری لانەی ڕووخاوی دەکرد، بڕوای نەدەکرد، هەرگیز ئەوەی لە جەنابت ڕەوا نەدەبینی، کە ڕۆژێك بێتە پێشەوە، ئەو ماڵەی کە بە لوتفی خۆت چەند ساڵە بۆت پێك هێنابوو. . ئاوا بە بێڵ و پاچ و بە بەرچاوی خۆیەوە لە بێخی بێنیت، کەچی کردت. . .

شەو داهات، جاێیان لە حەوشەکەدا بۆ ڕاخستی. . . لەسەری ڕاکشایت. . . پشە بە کزۆڵی و ماندوبونێکەوە هاتە ژێر قەرەوێڵەکەت و خۆی زۆرکز دیار بوو. . . تۆش وەکو شتێك بووبێت، جار جار خۆت لار دەکردەوە و، سەیرێکت دەکرد. . . ئەویش بە کزۆڵی و شەرمەوە تیلەچاوی دەدایتێ. . . تۆش کسپە لە نێو جەرگتەوە دەهات. . وات دەزانی یەکێك لە ڕۆڵەکانت تۆراندووە. . خەیالڕ بردیتیەوە. . .

"من کەی وابووم. . ؟ کەی ئەو سەری مەنجەلڕ یا دەرگای سەلاجەی لاداوین. . قەناعەتی بە پارچە ئێسقانێکی بەر بەلۆعەکە دەکرد و، دەیلێستەوە، دەم و سمێڵی پیچەور دەکرد. . کاتی چایی خواردنەوەی شێوان، چەند جوان لەبەردەرگای ژوورەکەدا و نێزیك سەماوەرەکە

چیچکی دادەدا و، سەیری دەکردین و. . چاوی دەتروکاند و. . گوێی بەرەو لای دەنگەکانمان با دەدا، وەك یەکێك تێبگات. . !! ئەی چۆن تێناگات. . ؟؟ ئەی دراوسێکان نەیاندەگوت:
"وەك منداڵەکانتان هێمن و ژیر دیارە، بەهەڵەشە پەروەردە نەکراوە، تا چەواشە بێت. . :
وەك ئەندامێکی خێزانمی لێهاتبوو. . چەندجار خۆم لە قسەمدا نمونەی وەفا و چاکی ئەم پشیلەیەم گێڕاوەتەوە. . چەند ساڵە لەم ماڵی ئێمەدایە نەمبیستووە گرفتێك بێنێت بە بەر قسەماندا، یان نهێنیەکمانی گەیاندبێتە دەمی کەسێك، یان پیسایییەکی لە شوێنێکی دیاردا کردبێت. "
پۆپەشمینە تەنکەکەت دا بەسەرتا. . بەدەم ئەم خەیاڵانەوە خەوت لێکەوت. . لە خەونتدا لە ژوورەوە شانت بەسەر پشتیەکەتدا دادابوو، پەرتوکێکت دەخوێندەوە. .
تەقەی دەرگا هات. .
-فەرموو. .
پشیلەکە بوو هاتە ژوورەوە گوانی ئاوساوو سور هەڵگەڕابوو. .
+ سەلامو عەلێك. .
ڕاست بویتەوە و، چوار مشقی بۆی دانیشتی و، پەرتوکەکەت ختە نێو باوەشتەوە. .
-وەی عەلەیکە سەلام. . فەرموو
هاتە پێشەوە. .
+ مامۆستا گیان بمبوورە. . ئەگەر یاریدەم بدەیت، با ئەمساڵیش لە ماڵی جەنابتان بمێنمەوە. . ژانم پەیوابووە و، بەم دەموو دەستە جێگایەکم بۆ پەیدا نابێت. .
دڵت هاتە خرۆش، تف لە بینتدا وشك بوو. . تەڕاییەك بەری چاوتی فێنك کردەوە. . لەو خەونەتدا بە ئاگابوویت و، پیاوانە گوتت:
-وەی بەسەر چاوو. . لەماڵی مندا کوا حەز بکەیت ماڵی خۆتە.
+ هەر جێیەك کە ڕێتان لێنەگرم و بە بچوکتانی ڕەوا ببینن، خوا دەست بەباڵتانەوە بگرێت. .
لە خەو هەستایت بانگی بەیانی بوو. . لەناو تەشتی ئاسمانێکی قوڵدا ئەستێران جریوەیان دەهاتإ. . دەست نوێژت شۆرد. . چویتە مزگەوت. . پێش تۆش چەندانێك هاتبوون. . شەو ڕەوی خۆتان تەواو کرد. . لێبونەوە. . بەدەم ویردەوە بەرەو ماڵڕ کشایت. . خەونەکە هەر دەیهەژاندیت. . خاکەنازت بۆ هەڵگرت. . چویتە جێگەکە. . پشەکە بەدیارتەوە دانیشتبوو. . وەك ئەویش هەمان خەونی دیتبإ و بەدیار پەیمانەکەوە وەستابێت. . چاوێکی پڕبەزەییت تێبڕی، بزەی هاتإو، وەك کچۆڵەیەکی ناسکی شەرمن کە هاتبنە دوی، بەچاو تروکاندنەوە سەری داخست. . بۆریەکانت بۆ ڕاختەوە. . غەمت ڕەوویەوە. . هێشتا لە خوێندنی ویردەکەت نەبوو بوویتەوە. .

نوسینـــی: حسن محمود حمە کریم
ناونیشان: سلێمانی / ابراهیم پاشا
Tele: +9647701512882
E-Mail: mohamadmir@yahoo. com